مالیکی فایلە سیاسییە هەستیارەکان و ڕەبازی داهاتووی عێراق و ڕۆڵی هەرەمایەتی ئاشکرا دەکات

نوری مالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا لایگەیاند، لایەنەکانی کورد دەبێت پێڵبکەن لە هەڵبژاردنی کاندیدەك بە پێستی سەرەك کۆماری عێراق و سوننەکانیش سەرکی پەرلەمان هەڵبژێرن، دەشێت، "گروپە چەکدارەکان ئامادەن تەکە بە دەوڵەت ببن و چەکە قورسەکانیان رادەست بکەن". نوری مالیکی لەمیانی چاوپێکەوتنەکدا باسی لەوەکردوە، "چوارچێوەی هەماهەنگی پێوەرکی دیاریکراوی بە سەرک وەزیرانی داهاتو داناوە و بەیاری نەداوە لە خولی دوەمی سەرک وەزیرانی ئەستا، محەمەد شیعە سودانی بەبەش بکرێت". بەڵام جەختیشی لێوە کردوە کە سەرک وەزیرانی داهاتو هوبەوی کەشی گۆڕە دەبەتوە، دیارترینیان قیرانی دارایە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، گروپە چەکدارەکانی عێراق خواستیان هەیە بە تەکەبون بە دەوڵەت و هادەستکردنی چەکی قورس، عێراق دەیەوێت ڕۆڵی ناوبژیوانی نێوان ئەمریکا و ئێران ببینێت و نایەوێت بەشێک بێت لە هوبەوبونەوەی نێوانیان.

پەیوەست بە ناکۆکیەکانی نێوان هەرەمی کوردستان و بەغدا، نوری مالیکی هەروەها وتی،

"ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی بە ڕێککەوتنی کاتی چارەسەر ناکرێن، بەڵکو بە دەرکردنی یاسا چارەسەر دەکرێن، شیعەکان لە عێراق هاوشێوەی کورد هەمان زوێم و زەرداریان بەخۆوە بینی لەسەر دەستی رژێمی پێشو".

لەبارەی پێکهێنانی حکومەتیشەوە دەڵێت، "پێکهێنانی حکومەت پێیوستە بە تێوافوقوو، دەکرێت مانگێک دوای پەسندکردنی ئەنجامەکان پێکبهێنرێت، کورد دەبێت پێلە بکات لە هەڵبژاردنی سەرکی کۆمار و سونن بە سەرکی پەرلەمان".